خولی ئینگلتەرا.. لیڤەرپوڵ دەربی لە ئیڤەرتەن بردەوە و پێشەنگی بەهێزترکرد



لە خولی ئینگلتەرا لیڤەرپوڵ دەربی لە ئیڤەرتەن بردەوە و پارێزگاری لە پێشەنگی ریزبەندی کرد.

لە هەفتەی پێنجەمی خولی ئینگلتەرا و لە یاری دەربی مەرسیساید، یانی لیڤەرپوڵ لە یاریگای ئانفێد میواندار یانی ئیڤەرتەنی کرد.

لە تایمی یەکەمدا، یاریزانانی لیڤەرپوڵ بە ئاستەکی نایابەوە بینران و دوو گۆڵیان لە ڕێگەی گراڤنبێرگ و هوگۆ ئیکیتیکی لە خولەکەکانی 10 و 29 تۆمارکرد.

لە تایمی دووەمدا و لە خولەکی 58 ئیدریسا گایا جیاوازیەکەی بە ئیڤەرتەن کەمکردەوە، سەرەنجام یاریەکە بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک لە سوودی لیڤەرپوڵی خاوەن یاریگا کۆتاییهات.

بەو ئەنجامە، یانی لیڤەرپوڵ بە کۆکردنەوەی 15 خاڵ پارێزگاری لە پێشەنگی ریزبەندی خولی ئینگلتەرا کرد، ئیڤەرتەن حەوت خاڵی هەیە و لە پلەی حەوتەمی ریزبەندیدایە.